کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-6-2007 21:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕاگەیاندنی پێکهێنانی لقی فینلەندی سەنتەری منالان.. !!

منالان لە هەرجێگایەك بن پێویستیان بە کۆمەك و هاوکاری هەیە، بە سەرنجدانێکی خێرا بەسەر هەل و مەرجی ژیانی منالاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەمڕۆ منالان لە چ ژیانێکی سەختدا گوزەران دەکەن. بەشێکی زۆری منالان قوربانی نائەمنی، شەڕ، گیرۆدەی نەخۆشی، بەدخۆراکی و نەبوونین، ئەمە سەرباری توندوتیژی وهەژاری و دەیان کێشەی کۆمەلایەتی ترن.

سەنتەری منالان ئەو ڕێکخراوەیە کە دەیەوێت منالان لە توندوتیژی و بێمافی وەدور بگرێت و بەرگری لەمافەکانیان بکات. وە لە پێناوی بەدەستهێنانی ژیانێکی ئارام وپڕلە ئاسودەی بۆ منالان خەبات دەکات. ڕەنگە زۆر کەس پێی وابێت منالانێك کە لە وولاتانی ئەوروپا دەژین ئیتر پێویستیان بەهیچ نییەو هەموو مافەکانیان بۆ دابین کراوە، ئەوە ڕاستە کە ڕەنگە ئاسان نەبێت ئەگەر مرۆڤ بێت و بەراوەردی نێوان ژیانی منالان لە ئەورووپاو عێراق و کوردستان یان زۆرێك لە وولاتانی تری دنیادا بکات، بەوهۆیەوە کە جیاوازییەکان ئێجگار زۆرن و لە هەژماردن نایەن، بەلام هەر گیز ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئیتر لێرە منالان کێشەیان نییەو پێویستیان بەکۆمەك و هاوکاری نییە.

سەرباری دەستەبەربوونی بەشێکی باش و بەرچاو لە مافەکانی منالان بە تایبەتیش لە وولاتانی ئەسکەندناڤی و ئەوروپا، بەلام هێشتا منالان توشی دەیان کێشەی جۆراو جۆر دەبنەوە، لەوانە کێشەی توندوتیژی، کولتوری، ئاوێتەبوون، پێڕابواردن، ئاین... هتد، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەهۆی چەندین تێڕوانینی نادروست و نا مۆدێرنەوە منالانی پەناهەندە لە نێو بەشێکی بەرچاو لە خێزانەکاندا زۆرێك لە مافەکانیان پێشێل دەکرێت و توشی گیرو گرفتی زۆر دەبن.

هەربۆیە ئێمە ئێمزاکەرانی خوارەوە، دەستەیەك لە خەلکی ئازادیخوازو بەرگریکەر لە مافەکانی منالان، دوای چەندین قسەوباس و پەیوەندی گرتن بە بەرپرسی سەنتەری منالانەوە، وە دوای ئەنجامدانی کۆبونەوە قسەوباس لەسەر پێداویستی پێکهێنانی لقی فنلاندی سەنتەری منالان، لە ڕێگەی ئەم ڕاگەیاندنەوە هەوالی پێکهاتنی لقی فنلاندی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ڕادەگەیەنین. هەرلێرەوە پێمان خۆشە ئەوەش ڕابگەیەنین کە هەرکەس بڕوای بە مافەکانی منالان هەیە، پەیڕەوپڕۆگرامی سەنتەری منالانی لاپەسەندە بێ هیچ دوو دلییەك دەتوانێ ببێت بە ئەندامی سەنتەری منالان، سەنتەری منالان ڕێکخراوێکی سکولارو پێشکەوتنخوازە و جێگەی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە لە پێناوی بەدەسهێنانی مافەکانی منالان خەبات دەکەن.

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان - لقی فنلاند
1 ی یونی 2007
www. santarimnalan. com

جان جلال – بەرپرس
سیروان ئەمین – ئەندام
سروە حەوێز – ئەندام
بۆ پەیوەندی کردن:
Jan Jalal
0035 8 415499811
huopalahdentie 3 d 68
.00330 helsinki - Finland
jan. alal@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.